# کوشتنی دوعا کاردانەوەی جیا جیاو سیاسی زۆری لێدەکەوێتەوە

ڕاپۆرت: ئاسۆ
Lawa_0@hotmail.com



دوای کوشتنی دوعا و بلاوبوونەوەی دیمەنی کوشتنەکەی، چەندین گروپ و ڕێکخراوی توندڕەو لەنێویشیاندا ڕێکخراوی قاعیدە فتوای کوشتنی ئێزدییەکانیان دا و چەندان هاولاتی ئێزدی ڕووبەڕووی هێرشی نارەوابوونەوە لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و موسڵ. لەو نێوەندەدا پەلاماری کرێکارە ئێزدییەکانیان دا و هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا.

دوابەدوای ئەم هەڕەشانە ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بۆ وریاکردنەوەی خەلك و دەرخستنی پلانی قاعیدە و تیرۆریستەکان بەخۆیان کەوتوون. لەمبارەیەوە کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژیی و بەردبارانکردنی ژنان لەچەندین ڕوونکردنەوە و بەیاننامە و نووسینی مالپەڕەکانی ئینتەرنێتدا داوایان لەهاولاتیانی کوردستان کرد کە باهەمووان بەیەکدەستی دژی ڕەشەکوژیی ژنان بوەستینەوە و کوشتنی ژنانیش تەنیا ئێزدییەکان ئەنجامی نادەن بەلکو لەناو موسلمانەکانیشدا کوشتنی ژنان بەبیانووی پاراستنی ناموس ئەنجام دەدرێت.

ئەو کرێکارانەی کە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانیان ڕوویان لەشاری سلێمانی کردووە، ڕۆژانە لەبەردەم مزگەوتی گەورە کە دەکەوێتەوە ناوەڕاستی شارەوە دەوەستن، دوای کوشتنی دوعا کرێکارە ئێزدییەکانیان تووشی پەلاماردان بوونەتەوە و زۆربەیان ناچاربوون کە سلێمانی بەجێبهێلن، لەشاری هەولێریش ئەو کرێکارە ئێزدییانەی لەهۆتێلو شوێنە گشتییەکاندا کاریان دەکرد، چارەنووسیان هاوشێوەی کرێکارەکانی بەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بوو، بۆیە ئێستا لەهەرسێ شارە گەورەکەی کوردستاندا زۆربەی ئەو کرێکارانە بە ناچاریی و لەترسی گیانی خۆیان کارەکانیان بەجێهێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ شێخان و بەعشیقە و شەنگار و ناوچەکانی تر، یەکێك لەو کرێکارانە کە لەشاری سلێمانی کاردەکات بەشێوەیەکی زۆر غەمبار و بەدەم هەلکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە وتی: زۆربەی هاوڕێکانم شاری سلێمانیان بەجێهێشتووە، ئێستا ئێمە ناوێرین بلێین ئێزدین لەبەرئەوەی خەلك جنێومان پێدەدەن و تفمان لێدەکەن، ئێمە بەرپرس نین لەکوشتنی دوعا بەلام خەلکی سلێمانی پێیانوایە ئەوەی ئێزدی بوو ئیتر ژن دەکوژێت، لە سلێمانی خەلك ژن دەکوژن، لە هەولێریش ژن دەکوژن، بەلام کەس قسە ناکات، ئیدی نازانم بۆ پەلاماری ئێمە دەدەن؟!.

لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە فتوای کوشتنی بۆ هەموو ئێزدییەکان دەرکرد لەناو شاری موسلدا هەروەها لەچواردەوریدا، ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی ئێزدی کە لەزانکۆی موسڵ دەخوێنن بەناچاریی دەستیان لەخوێندنەکەیان هەلگرتووە و گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی ئێزدین. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لەهەولی ئەوەدایە ئەو خوێندکارانە لەزانکۆکانی کوردستان تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن.

سلێمانی ئەو شارە ڕۆشنبیرە بوو کە بیرمان لێدەکردەوە

ئەم تایتلەی سەرەوە قسەی یەکێك لەو کرێکارە ئێزدییانەیە کە لە یەکێك لەهۆتێلەکانی شاری سلێمانی کاردەکات، ئەو نیگەران بوو لەوەی کە لەسلێمانی ئەو شارەی کە پێی دەلێن پایتەختی ڕۆشنبیریی، لەپێش هەموو شارەکانی ترەوە پەلاماری کوردانی ئێزدییان دا، بەوپەڕی نیگەرانی و ترسەوە بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن و وتی: لەئەورووپا تەلەفۆنیان بۆ کردم هەوالی سلێمانیان دەوویست، منیش پێموتن، سلێمانیش پەلاماری داین و ئەوانیش دژی ئێمەن.

ئیسلامیەکانی کوردستان ڕۆلیان هەبوو لە هاندانی

خەلك دژی کوردە ئێزدییەکان

بەشێك لەرۆژنامەنووسان و رۆشنبیران رەخنەكانیان ڕووبەڕووی گروپە ئیسلامییەكان كردەوە و بەوە تاوانباریان كردن كە دەیانەوێت دوعا بكەنە ڕەمزێكی ئیسلام و بەشەهیدی ڕێگای باوەڕی ئیسلام بیناسێنن تا بەم شێوەیە هەستی كوردە موسڵمانەكان بوروژێنن، لەژمارە (229 1ی رۆژنامەی هەواڵ )دا لەمیانەی وتارێكەوە، ماڵپەڕی كوردستان نیوز بەدرێژە پێدەری ئەو هەوڵە دەستنیشان كراوە، لەو بابەتەی رۆژنامەی هەواڵدا نووسەر (سەلاحەدین بایەزیدی) بەتوندی ڕەخنەی لەو ماڵپەڕە و گروپەئیسلامییەكان گرتووە لەسەر قۆستنەوەی ئەو ڕووداوە بۆ مەرامی سیاسی، هەرچی گروپە ئیسلامییەكانیشە ئەو ڕەخنانە بەنادروست دەزانن و دەڵێن ئێمە ڕاستییەكان وەك خۆی بۆ خەڵك ڕوون دەكەینەوە.

رۆژنامە و ماڵپەڕەكان سانسۆر دەخەنە سەر ئەو

نووسینانەی هانی توندوتیژیی ئاینی دەدەن

ماڵپەڕی كوردستان نێت كە بەپێی راپرسییەكی رێكخراوی icsp ی ئەمریكی باشترین ماڵپەڕی كوردییە و خوێنەری بەردەوامی هەیە، لەڕووداوی كوشتنی دعادا هەستا بەكردنەوەی كەمپینێك دژ بەكوشتنەكەو، لەهەموو سوچێكی دنیاوە نووسەرانی كورد لە لەڕێی وتارەكانیانەوە كوشتنی ژنان و دۆخی ژنانی كوردیان هەڵدەسەنگاند، ئەم ماڵپەڕە لەبانگەوازێكدا كە لەلاپەڕەی یەكەمیدا دایناوە ئەوەی ڕوونكردۆتەوە، كوردستان نێت دژی هەر جۆرە كوشتنێكی ژنانە و بەتوندیش ئیدانەی كوشتنی دوعا دەكات و هاوكاتیش ڕایدەگەیەنێت كە ئەو نووسینانەی دژی برا ئێزدییەكانمان بێت و مەرامی لەپشتەوە بێت سایتەكە ئامادەنییە بلاّویان بكاتەوە.

سلێمانی بەمەراسیمی رۆحی پەمەیی دوعا

دڵنیایی دەگێڕێتەوە بۆ كوردە ئێزدییەكان

رۆژی 2007/5/10 لەپاركی ئازادیی شاری سلێمانی بەئامادەبوونی نزیكەی هەزار كەس، چەند رۆشنبیر و رۆژنامەنووسێكی سەربەخۆ بەسازدانی مەراسیمی رۆحی پەمەیی دوعا كوشتنی دوعایان مەحكوم كردو هاوكاتیش بەتوندیی ئیدانەی ئەو هەولاّنەیان كرد كە دژ بەكوردە ئێزدییەكان دەدرێت، (نزار محەمەد) كە نووسەر و رۆژنامەنووسێكی سەربەخۆیە و لەهەمان كاتدا سەرنووسەری رۆژنامەی هاوبیرە لەشاری سلێمانی، وتاری مەراسیمی پێشكەش كرد و بەتوندی ئیدانەی ئازاردانی كوردە ئێزدییەكانی كردو وتی ئەم مەراسیمەی ئێمە بەئامانجی گێڕانەوەی متمانەیە بۆ برا ئێزدییەكانمان.

ئەژی جەمال رێكخەری مەراسیمەكە لەوتارێكدا وتی: هەرگیز دوعا نەبووە بەموسڵمان بەڵكو دوعا عاشق بووە و لەسەر عەشق كوژراوە نەك ئاین.

ستیڤان شەمزینانی بەرپرسی ستافی ناوەوەی ولاّتی كەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەكوژیی و بەردبارانكردنی ژنان لەوتەكەیدا وتی: ئامانجی ئێمە لەمپەر دانانە لەبەرامبەر توندوتیژیی دژی ژنان و مرۆڤی كورد نەك دوژمنایەتیكردنی ئێزییەكان.

بارودۆخەكە ئارام دەبێتەوە

دوای زیاتر لەمانگ و نیوێك تێپەڕین بەسەر كوشتنی دوعادا هێدی هێدی بارودۆخەكە ئارام دەبێتەوە، ئەوەی تێبینی دەكرێت رۆڵی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان رۆڵێكی بەرچاو بوو لەئیدانەكردنی كێشەكە و سزادانی بكوژانی دوعا خەلیل ئەو كچەی لەسەر عەشق بەردباران كرا.